وەزارەتی تەندروستی هەرێم ڕێنماییەکانی بۆ ڕۆژانی پشوی جەژنی حەزرەتی مەسیح و سەری ساڵی نوێی 2024 ڕاگەیاند



وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاریەکانی بۆ ڕۆژانی پشوی جەژنی حەزرەتی مەسیح و سەری ساڵی نوێی 2024 ڕاگەیاند و فریاکەوتنەکان و دەوامی نەخۆشخانەکان بەشێوەی ئاسایی و نزیکترین دەرەکییەکان (24) کاتژمێر کراوەن. وەزارەتی تەندروستی لە پەیامێکدا باسی ئاوێکردەوەی، هاوڵاتیان و داموودەزگاکانی تەندروستی ئاگادارکردەوە کە ڕۆژانی پشوی فەرمی هەمان ڕۆژانی پشوی ڕاگەیاندراوەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندراوە، واتە لە 25ی (کانونی یەکەم/12)ی 2023ەوە تاوەکو 1ی (کانونی دووەم/1)ی 2024.

ئاماژەی بەوەشکردووە، وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەی و داموودەزگا تەندروستیەکان ڕادەسپاردرێت کە دەوامی ئاسایی دەبێت بۆ کارئاسانی هاوڵاتیان و بەرژەوەندی گشتی.

1- فریاکەوتنەکان (24) کاتژمێر کراوەی دەبن بەشێوەی ئاسایی. 2- دەوامی نەخۆشخانەکان بەشێوەی ئاسایی دەبێت. 3- نزیکترین دەرەکیەکان کراوەی دەبن لە ڕۆژانی پشو. 4- هاوڕێکارییەی (24) کاتژمێرییەکان کراوەی دەبن بەپێی خشتەی دەوامکردنیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەی گشتیەکان دیاری دەکرێت. 5- سەنتەرەکانی شوشتنی گورچیلەی بەردەوام

دەبێت بەشێوەی ئیشکگری کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دیاری دەکرێت. 6- تیمەکانی فریاگوزاری و هێلی (122) بەردەوام دەبن لە ئەرك و کارەکانیان بەشێوەی (24) کاتژمێری وە بەهێی پزیشکی فریاکەوتن خشتەی دابینکردنی تیمەکانی دادەنرێت بێ شوێنە گشتیەکانی پێویست و گەشتیاریەکان. 7- لەکاتی پێویستدا کێگاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی کراوە دەبن لەسەرجەم شار و شارۆچکەکان. 8- تیمەکانی (پشکنینی ئاوی خواردنەوەی ماڵان و نەخشیە گوزارەوەکان و چاودێری تەندروستی) بەردەوام دەبن لە بەدواداچونەکانیان. 9- پشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بێ ئاوارەکان لە کەمپەکان بەردەوم دەبێت. 10- پابەندبونی پزیشکانی پسپۆ و نیشتەجێ ی دێرین و خولاو و پەرستار و کارمەندانی تەندروستی بە دەوامی ئیشکگری لە ڕۆژانی پشودا. 11- هێەکانی مبایلی بەڕێوەبەر و بەپرس و وەرگری بەشەکان کراوە دەبن و وەڵامی پەیوەندیەکان دەدرێنەوە لە ڕۆژانی پشو. 12- لیژنەکانی بەدواداچون لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و نەخشخانەکان بەردەوام دەبن بێ بەدواداچونی دەوامی نەخشخانەو دەزگا تەندروستیەکان. 13- بێ هەرکارێکی پێویست و لەناکاو پێویستە هێی گەرمی پەیوەندی هەبێت 14- هاتنەژورەوەی ئاگەیاندن تەنها لە ڕێگای ئاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیەکان دەبێت. 15- ئاماری ڕۆژانە دەبێت لە ماوەی (24) کاتژمێر لە ڕێگای پەیوەندی مبایلەوە لە 8:00ی ی بەیانی تاوەکو 8:00ی بەیانی ڕۆژی دوایی ڕەوانە بکرێت بێ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان. 16- ڕۆژانە فەرمی تایبەت بە ئامارەکان ڕەوانە بکرێت بێ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان. 17- ئامادەباشی بێ ئەمبوڵانس و دابینکردنی گاز و بەنزین بکرێت. 18- بەدواداچونی بەردەوام بێ پڕۆژەکانی خاوێنکردنەوە و دابینکردنی خراك بکرێت. 19- سەنتەرەکانی پێدانی چارەسەری کیمیاوی بێ نەخشانی شرپەنجە پێویستە بە شێوەی ئیشکگری کراوەبێت.